فەرمووی بڵێ: (اللهم فاطِرَ السماوات والأرض عالم الغيبِ والشهادة؛ ربَّ كُلِّ شَيءٍ ومَلِيكَه، أَشْهد أن لا إله إلا أنت، أعوذ بك من شرِّ نفسي وشرِّ الشيطان وشِرْكِهِ)

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەبوبەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا فەرمانی پێبکە بە هەندێک وتە (نزا) کە بیخوێنم ئەگەر بەیانی وئێوارەم بەسەردا هات، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: بڵێ: «(اللهم فاطِرَ السماوات والأرض عالم الغيبِ والشهادة، ربَّ كُلِّ شَيءٍ ومَلِيكَه، أَشْهد أن لا إله إلا أنت، أعوذ بك من شرِّ نفسي وشرِّ الشيطان وشِرْكِهِ وأن أَقترف على نفسي سوءًا أو أجرُّه إلى مسلم)*»، و-صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «بیخوێنە ئەگەر بەیانی وئێوارەت بەسەردا هات، وئەگەر چوویتە سەر جێگاکەت (لە پێش خەوتن)». *(واتە: خودایە، ئەی خوڵقێنەر ئاسمانەکان زەوی، ئەی ئەو زاتەی کە زانستت هەیە سەبارەت شاراوەکان -نەبینراوەکان:غەیبیاتەکان- وبینراوەکان، ئەی پەروەردگار وخاوەندارى هەموو شتێک، شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ، پەنا دەگرم بە تۆ لە شەڕی نەفسی خۆم وشەڕی شەیتان وشەڕی شیرک وهاوبەشدانان بۆ تۆ، (وپەنات پێدەگرم لەوەی خۆم تووشی تاوانێک بکەم یان ببمە هۆی ئەوەی مسوڵمانێک تووشی تاوان بێت

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەمە یەکێکە لەو زیکرانەی (ویردانەی) کە لە بەیانیان وئێواراندا دەخوێندرێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فێری ئەبوبەکری کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، چونکە ووتی: فێرم بکە. بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زیکر ونزایەکی فێرکرد کە بیخوێنێت هەرکاتێک بەیانی یان ئێوارەی بەسەردا هات، وفەرمانی پێیکرد کە بڵێت: (اللهم فاطِرَ السماوات والأرض : خودایە، ئەی خوڵقێنەر ئاسمانەکان زەوی): واتا ئەی -الله- ئەی خوڵقێنەری ئاسمانەکان وزەوی، واتا خودا دروستیانی کرد بە بوونی هیچ نموونەیەکیان لە پێشتردا، بەڵکو لە نەبوونەوە دروستیانی کرد. (عالم الغيبِ والشهادة : ، ئەی ئەو زاتەی کە زانستت هەیە سەبارەت شاراوەکان -نەبینراوەکان:غەیبیاتەکان- وبینراوەکان): واتا زانست هەیە سەبارەت بە ئەوانەی لە لای بوونەوەرەکان نابینرێت وئەوانەش کە دەیبینن؛ چونکە خودا -سبحانه وتعالى- زانستی هەیە بە کاتی ئێستا وڕابردوو وداهاتووش. (ربَّ كُلِّ شَيءٍ ومَلِيكَه : ئەی پەروەردگار وخاوەندارى هەموو شتێک): خودا پەروەردگارى هەموو شتێکە وهەموو شتێک مولکی ئەوە وخاوەندارییەتی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە چونکە هەموو شتێک ئەو دروستی کردووە. (أَشْهد أن لا إله إلا أنت : شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە کە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ): واتا دان بەوەدا دەنێم بە دڵ وزمانم کە هیچ پەرستراوێک لە پەرستراوەکان هەق وڕاست نییە وشایەنی پەرستن نین جگە لە تۆ، وهەر پەرستنی هەر شت وکەسێک بەتاڵ وپوچەڵە جگە لە پەرستنی خوای گەورە، وتەنها خودا -سبحانه وتعالى- مافی پەرستنی هەیە بە بێ بڕیاردانی هیچ شەریک وهاوبەشێک لە پەرستنیدا. (أعوذ بك من شرِّ نفسي : پەنا دەگرم بە تۆ لە شەڕی نەفسی خۆم): چونکە نەفس ودەروونەکان شەڕ وخراپەیان تێدایە، هەروەکو خوای گەورە وتەیەکی پێغەمبەر یوسف -عليه السلام- باسدەکات لە قورئانی پیرۆزدا، کە پێغەمبەر یوسف -عليه السلام- دەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أُبَرِّئُ نَفۡسِيٓۚ إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّيٓۚ [يوسف: 53] واتە: ﴿ومن هەرگیز پاکانە بۆ خۆم ناکەم (چونکە) بەڕاستی نەفس زۆر فەرمان دەکات بە خراپە بێجگە لە ئەو نەفسە نەبێت کە پەروەردگارم ڕەحمی پێکردبێت﴾، بۆیە ئەگەر خودا نەتپارێزێت لە شەڕی نەفست ئەوا نەفست زیانت پێدەگەیەنێت وفەرمان بە خراپە دەکات، بەڵام ئەگەر خوای گەورە تۆی پاراست ئەوا سەرکەووتوت دەکات بۆ ئەنجامدانی هەموو خێر وچاکەیەک. (وشرِّ الشيطان وشِرْكِهِ : وشەڕی شەیتان وشەڕی شیرک وهاوبەشدانان بۆ تۆ): واتا پەنا بە خودا دەگرم لە شەڕ وخراپە وزیانی شەیتان ولە شەڕی فەرمان کردنی شەیتان بە شیرک وهاوبەشدانان بۆ خودا -سبحانه وتعالى-، یان وشەی (شَرَکە) لە جیاتی (شِرکە) هاتووە کە وشەی یەکەمیان کە فەتحە بەسەر پیتی (شین:ش)ەوەیە بە واتای تۆڕی ڕاوکردنی ماسی وشتی ناو دەریا دێت وبەو شێوەیە؛ چونکە شەیتان دەیەوێت بە فێڵەکانی پیلان بۆ نەوەکانی ئادەم دابنێت وڕاویان بکات بۆ ئەوەی تیا بچن ئەمیش لە ڕێگەی فیتنەکانی شەهەوات -

ئارەزووەکان- وشوبوهات -گومانەکان- یان جگە لە ئەمانە. (وأن أقترف على نفسي سوءًا أو أجرُّه إلى مسلم : وپەنات پێدەگرم لەوەی خۆم تووشی تاوانێک بکەم یان ببمە هۆی ئەوەی مسوڵمانێک تووشی تاوان ببێت). وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە ئەبوبەکر کرد کە ئەم زیکرە بخوێنێت ئەگەر بەیانی یان ئێوارەی بەسەردا هات ولەو کاتەی دەچێتە سەر جێگاکەی بۆ خەوتن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3006